# پێنج پارچە شیعری
# ت. ی . هیوم
# ١٩١٧-١٨٨٣


T. E. Hulme

لە ئینگلیزییەوە: د. ئازاد حەمە شەریف

* شاعیر و وتارنووس و بەقسەی خۆی "فەیلەسوفێکی ئارەزوومەند"ە .
* یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی بزاڤی "ئیماگیزم – وێنەخوازی".
* لە ژیانی خۆیدا تەنیا (٦) پارچە شیعری بڵاو کردووەتەوە و بەم کەمە شیعرەش پانتاییەکی زۆری لەسەر نەخشەی شیعری ئینگلیزی داگیرکردووە و کاریگەریی بەسەر "ت.س. ئیلیەت" و "ئێزرا پاوەند" و چێژی شیعری سەدەی بیستەمدا بەجێ هێشتووە، وا لێرەدا (٥) دانەیان دەخەینە بەردەست .
* لەبەرئەوەی لە هەمان کاتدا پارێزگاریخواز و مۆدێرنیست بووە ، دوای مردنی هیوم "ت. س. ئیلیەت" لە ساڵی ١٩٢٤ وا وەسفی کردووە کە نووسەرێکی "کلاسیکی و کۆنەپەرست و شۆڕشگێڕ" بووە.
* شیعرەکانی کورت و پوخت و پڕ وێنەی ناسکی شیعرین .

## پایز

کزەیەکی سارد لەو شەوە پایزییەدا بوو
من لە دەرەوە پیاسەم کرد،
بینیم مانگی سووررداگەڕاو وەک جوتیارێک
بەسەر پەرژینێکدا چەماوەتەوە.
من نەوەستام بۆ قسەکردن، کەچی سەرێکم بۆی لەقاند،
لە هەموو لایەکیشەوە ئەستێرەی مات
وەک منداڵە رەنگ سپی پاتەکانی شار دەوریان دابوو.

## روحی سروشت

""جوانی نیشاندەری رەوت و لەرەی نەجوولاو و
سەرمەستی دەرخراوی ترپەیەکی دەستبەسەرکراوە
کە ناتوانێت بگاتە ئامانجە سروشتیەکەی خۆی.""
چەمانەوەی روحی سروشت
ئاسمان لە بازنەی چەماوەدا دەخولْقێنێت،
لەوە دەچێت بۆ خەمێکی نەزانراو لە پرسەدا بێت.
کەچی رۆژێکیان گوێم لێ بوو بەهاوار دەگریا:
"من بێزارم لە گوڵ و شاعیرە گۆرانیبێژەکان ــ
هەموو یوسفەکان هێندە بەژن درێژ نین تا هەوڵی بۆ بدەن.*

.................................................................

* ئەم دێڕە ئاماژەکردنە بە فڕێدانە ناو بیری حەزرەتی یوسف لە تەمەنێکی زۆر بچووکدا .

"وەرگێڕ"

## شۆستەی بەندەر

نیوەشەوێ لەسەر شۆستە هێمنەکەی بەندەرێ،
مانگ بەسەر گوریسە بەرزەکانی داری ناخودایەکە

هەڵواسرابوو. ئەوەی پێ دەچوو زۆر دوور بێت
دەبدەبەی منداڵێک بوو ، دوای یاری لە بیری کردبوو.

## بەرێکەوتن

"" فەنتازیای کەوتنی جوامێرێک
لە شەوێکی سارد و تووشدا.""
جارێکیان، لە نەوای ناسکی کەمانجەکان سەرمەستیم دۆزییەوە ،
لە ناو بریسکەی پاژنە زێڕینەکانی سەر شۆستە رەقەکاندا.
ئێستا دەبینم
گەرمی کەرەستەی تەواوی شیعرانە.
ئەی خودای من، ئەو پەتووە
کۆنە ئەستێرە خواردووەی ئاسمان بچووک بکەرەوە ،
تا بتوانم لە خۆمی بپێچم و بەئاسوودەیی پاڵکەوم.

## گۆڕان

لە وەرزی گوڵە سونبولان ، بەدڵێکی ئاسوودەوە
چوومە ناو دارستانی دۆڵەکە،
تا ئەو دەمەی جوانی وەک پۆشاکێکی بۆندار
ئەو ناوەی تەنی، هەوکی گرتم. من گیرم خوارد
بەبێ جووڵە و هەناسەم تەنگ
بەو جوانییەی کە بۆ خۆی خەساندوویەتی.
ئێستا دەڕۆمە لای دوایین رووبار
بەملکەچی ، لە ناو گونیەیەکدام ، بەبێ ورتە،
وەک هەر تورکێک سەرەتاتکێمە لەگەڵ تەنگەبەری بۆسفۆر.